# له ستۆكهۆڵم كۆڕێک بۆ بەختیار عەلی بەسترا

## 2008-04-20 كۆڕێكی دیكەی لە ئەمستردام بۆ ساز دەكرێت



ئەدەب بۆ؟ ئەدەب لەسەر خودی مرۆڤ كار دەكات، لەناو زاتی هەموو نووسەرێک دوو بوونەوەر هەیە، خودی نووسەر و خودێكی ئاسایی، ئایا دەق تا چەند گوزارشت لە خودی نووسەر دەكات؟ بەم دەستەواژەو ڕستانە لە كۆڕێكدا لە ستۆكهۆڵمی پایتەختی سوید، نووسەر و ڕووناكبیر بەختیار عەلی لە بابەتێكدا لە منی نووسەر دوا، كە بۆ هەر یەكێک لەو پرسیار و ڕستانەی پێشەوە بە نموونە و شیكاریی زانستی بابەتەكەی گەیاند. ئەو بۆ ئەوەی لە ئامادەبووانی بگەیەنێت كە ئەرک و چالاكییەكانی منی نووسەر چییە! لە لۆژیكەكانی شەرح و دۆزینەوەو خەڵقكردن دوا، بە وردی لە هەر یەكێک لەو لۆژیكانە دواو شیتەڵكاریی بۆ كردن، بەڵام ئەو پێی وابوو نەگۆڕ لە ئەدەبدا نییە، وەک چۆن لە فیزیا و پزیشكیدا هەیە، لەو ڕووەوە وتەیەكی كۆندێرای هێنایەوە كە دەڵێت: ئەدەب لە خوان دەچێت. بەختیار لە میانی قسەكانیدا دووپاتیكردەوە كە نووسەر هەردەم گەمە دەكات و كاری ئەدەبیش درووستكردنی فەزایەكی گەورەیە. پاش تەواوبوونی بابەتەكەی ئامادەبووان كۆمەڵێک پرسیاریان لێكرد.

شایانی باسە ئەم كۆڕە ڕۆژی 3/24 لەلایەن كتێبخانەی كوردی لە ستۆكهۆڵم سازكرابوو، پێش ئەوەی بەختیار بابەتەكەی پێشكەش بكات، هیوا قادر بە هاوكاریی هونەرمەندی مۆسیقاژەن كارزان مەحموود كۆمەڵێک لە شیعرەكانی بەختیار عەلیی خوێندەوە.
(یەكێتیی نوسەرانی كورد لە هۆڵەندە) ش بە نیازە 2008-04-20 لە ئەمستردام كۆڕێكی دیكە بۆ بەختیار عەلی ببەستێت و ڕۆمانە تازەكەی (غەزەلنوس و باغەكانی خەیاڵ)ی تیدا پێشكەش بكات.

نەوزاد – سوید